# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## را پۆرتی 24: پاکوخاوێنی و ژینگەی قوتابخانەکان

ئەیلولی 2019

27/09/2019

| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 3 | پێشەکی |
| 4 | کارنامەی یەکە |
| 5 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 7 | دەستپێک |
| 7 | "ژینگەی ناوەندەکان وەک پێویست نیە" |
| 9 | کێ قوتابخانەکان خاوێن دەکاتەوە؟ |
| 10 | "ناوەندەکان هەرکاتێک پیس بێت دەشۆردرێت" |
| 11 | بەشێکی قوتابخانەکان باخچە و سەوزایی نیە |
| 12 | ئاوی خواردنەوەی ناوەندەکان تا چەند گونجاوە بۆ خواردنەوە؟ |
| 14 | تانکی قوتابخانەکان کەی پاک دەکرێتەوە؟ |
| 14 | مامۆستایان چاودێری فرۆشگای ناوەندەکان دەکەن |
| 16 | 8%ی پارەی فرۆشگاکان بۆ ژینگەی ناوەندەکانە |
| 17 | "پێداویستیمان نیە بۆ شۆشتنی سەرئاوەکان" |
| 19 | ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن لە لادێکان |
| 18 | سیستەمێکی بەریتانی بۆ چاودێریکردنی ناوەندەکان جێبەجێ دەکرێت |
| 20 | بەشی سێیەم: راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە لە ماوەی 2 ساڵی رابردودا، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی) بوە لەگەرمیان، بەم راپۆرتەوە یەکەکە (48) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشە و ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتە و مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

ئەم راپۆرتەمان کۆتا راپۆرتی یەکەکەمان دەبێت بەمشێوەیەی ئێستای، چونکە لە مانگی داهاتوەوە و بەگوێرەی پرۆژەی نوێی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی، کاری ئەنجامدانی راپۆرتی یەکەکەمان فراوانتر دەکەین، بەشێوەیەک هەر مانگە و لەسەر کەرتێکی دیاریکراو لە گەرمیان جیا لە پەروەردە و تەندروستی، راپۆرت ئەنجام دەدەین. لەپاڵ ئەمەشدا چەند راپۆرتێکی هەڵسەنگاندمان دەبێت بۆ ئەو کێشانەی کە لە بواری پەروەردە و تەندروستی دا لە 2 ساڵی رابردودا راپۆرتمان لەسەریان کردوە، بۆ ئەوەی بزانین تاچەند بەرەوپێشەوەچون هاتوەتە ئاراوە.

لێرەوەش سوپاسی سەرجەم ئەو لایەن و کەسایەتیانە دەکەین کەلە ئەنجامدانی راپۆرتەکانمان دا لە بواری پەروەردەدا هاوکارمان بون، بەتایبەتیش بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کەلار، بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی کفری، سەرپەرشتیارێتی پەروەردەی گەرمیان، بەڕێوبەری قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییەکان، لێپرسراوی بەش و هۆبە جیاوازەکانی پەروەردە، مامۆستایانی بەشدار و هاوکارمان، فەرمانبەرانی پەروەردە، توێژەرانی دەرونی و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکانی کەلار و کفری و رێکخراو و چالاکوان و رۆشنبیر و رۆژنامەنوسان، کە هاوکارمان بون لەماوەی ئەم دو ساڵەی رابردودا.

بەهیوایین ئەم هەنگاوەمان جێگەی گرتبێت و رۆڵی هەبوبێت لە بەرەوپێشەوەچونی ئەو کەرتانە و هەروەها دانانی بناغەیەک بۆ پەیوەندی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەرمیان و بەدواداچونکردنی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەو پرسانەی لە حکومەتدا پەیوەستن بە ژیان و داهاتوی خەڵکەوە.

بەدڵنیشایشەوە هەڵە و کەموکورتیشمان هەبوە، بۆیە لەو روەشەوە داوای لێبوردن دەکەین و خۆشحاڵیش دەبین ئەگەر هەڵەکانمان بۆ راست بکرێنەوە

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

# 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دووەم: راپۆرت

## 1. دەستپێک

کاتێک باسی ژینگە دەکرێت هەمومان بیرمان بەلای رێژەی سەوزایی و پاکوخاوێنی دەڕوات، ئەمە لە کاتێکدایە لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری پەروەردەی گەرمیان وەک پێویست نیە و گرنگیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە.

ژینگەی قوتابخانەکان کە مەبەست لێی رێژەی سەوزایی و پاکوخاوێنی قوتابخانەکانە، لەم راپۆرتەدا بە وردی لایەنەکانی باس دەکەین.

لە سنوری پەروەردەی گەرمیان ناوەندەکانی خوێندن لە روی ژینگەییەوە وەکپێویست خزمەت نەکراون، بەشێک لە قوتابخانەکان باخچەیان نیە یان خزمەت ناکرێن.

لەم راپۆرتەدا جگە لە باسکردنی رێژەی سەوزایی ناوەندەکان باس لە چۆنیەتی خاوێنکردنەوەی قوتابخانەکان و سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە و رادەی پاکڕاگرتن و پاککردنەوەی تەوالێتی ناوەندەکانی خوێندن دەکەین.

## 2. "ژینگەی ناوەندەکان وەک پێویست نیە"

بەشێکی زۆری فێرخوازان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن بەگشتی وەکپێویست نیە.

ئەحمەد سەعید حەمید، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار دەڵێت: "پاکوخاوێنی قوتابخانەکەی ئێمە هیچ بە پێی پێویست نیە، ئاوی خوارنەوەمان نەبوە هەتاکو بەڕادمان هەبێت، ئەبێت قوتابی خۆی بچێت لە کافتریای قوتابخانە ئاو بکڕێت، لەگەڵ ئەوەش تەوالێتەکانمان هێندە پیسە ناتوانی داخلی ببیت".

وتیشی: باخچەکەمان تاڕادەیەک باشە بە تایبەت بە چواردەوری دیواری مەکتەب، بەڵام چوارچێوەیەکی بۆ کراوە بۆ باخچەی تایبەت هیچ خزمەت ناکرێت، لەگەڵ ئەوەش ناو پۆلەکانمان بە حوکمی ئەوەی ئەمساڵ بۆیاخ کراوە، پاکە، بەڵام لە روی زبڵ و خاشاکەوە پیسە.

لە هەمان کاتدا، زوهرە محەمەد حەمە غەریب، خوێندکاری قۆناغی دوانزەی زانستی لە ئامادەیی (شەهید ئارام) لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "ژینگەی قوتابخانەکەمان وەک پێویست نیە و پێویستە زیاتر پەرەی پێبدرێت،

تەنانەت هیچ بەڕادێک و ساردکەرەوەیەکی ئاومان نیە وە گۆرەپانەکەمان زۆر پیسە، بەڵام ناو پۆلەکان باشترە ئەگەرچی ئەویش پیسە و وەک پێویست نیە، هەندێکجار خۆمان پاکی دەکەینەوە".

دەشڵێت: تەوالێتەکانیشمان هەر ناتوانی بچیتە ناوی هێندە پیسە، لە هەفتەیەک دو جار پاک ئەکرێتەوە، ئەویش بە پێی پێویست نیە، لەگەڵ ئەوەش باخچەی قوتابخانەکە دارەکانیان بڕیەوە لەبەر ئەوەی نەیان توانی بە باشی خزمەتی دارەکان بکەن.

"دو بەڕادمان هەیە هەردوکیان قوفڵن ئەو ئاوەی کە بۆی دێت لە ئەرکەوازیەوە دێت و ئەیگۆڕێت، گڵاسیشی نیە بۆ ئاو خواردنەوە، فێرخوازان لە حانوت ئاو ئەکڕێت، لەگەڵ ئەوەش تەوالێتەکانیش خۆمان ئەیشۆین و پێیان وتوین بیشۆن بۆ خۆتان، ژینگەی ناوەندەکە لە روی بۆیە و هەندێ پێداویستی باشە". ئەمە وتەی هەڵکەوت حەمید، خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی وێژەی لە ئامادەی (زرنگ)ە لە ناحیەی رزگاری.

بەشێک لە فێرخوازان نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن لە بونی ئەو ژینگەیەی کە لە ناوەندەکان هەیە، باس لەوە دەکەن کە هیچ شتێکیان وەک پێویست نیە.

ئەڤین جەلال، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (وەفایی) بنەڕەتی لە قەزای کەلار ئاماژەی بەوەکرد: "ناوەندەکەمان هیچ شتێکی وە پێویست نیە چ جا ژینگە، ئێمە لە ناوەندەکەمان دو بەڕادمان هەیە لەگەڵ ١ پەرداخ بۆ ئەو هەمو تەلەبەیە، مناڵ هەموی دەمی پێوە ئەنێت ئەمەش شیاو نیە بۆ خواردنەوە، دواتر ناشزانین ئەو ئاوە کەی تێی ئەکرێت و لە کوێوە دێت".

وتیشی: تەوالێتەکانمان تا بڵێی پیسە بەشێکی زۆریشی پەیوەندی بە فێرخوازان خۆیان هەیە، چونکە بەیانیان کە دەڕۆینە دەوام هەموی پاک کراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەش هاوکاری کارگوزارەکە دەکەین بۆ پاک کردنەوەی پۆلەکان و گۆرەپانی ناوەندەکە، هەروەها باخچەمان هەیە ئەویش وەک پێویست نیە کە تێیدا پشو بدەین.

## 3. کێ قوتابخانەکان خاوێن دەکاتەوە؟

هەرچەندە لە قوتابخانەکان کارگوزار دانراوە بۆ پاککردنەوەیان، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی مامۆستایان و فێرخوازان لە پاککردنەوەی قوتابخانەکان بەشدارن.

بەپێ ئامارەکانی ساڵی 2018_2019 لە سنوری پەروەردەکانی کەلار و کفری ژمارەی کارگوزار و باخەوانەکان بەمشێوەیە:

*** پەروەردەی کەلار:**

| کارگوزار لە قۆناغی بنەڕەتی | کارگوزار لە قۆناغی ئامادەیی | باخەوان لە قۆناغی بنەڕەتی | باخەوان لە قۆناغی ئامادەیی |
|---|---|---|---|
| 191 | 47 | 6 | 1 |

*** پەروەردەی کفری:**

| کارگوزار لە قۆناغی بنەڕەتی | کارگوزار لە قۆناغی ئامادەیی | باخەوان لە قۆناغی بنەڕەتی | باخەوان لە قۆناغی ئامادەیی |
|---|---|---|---|
| 48 | 10 | —— | —— |

یونس هیدایەت، بەڕێوبەری ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری وتی: " یەک کارگوزارمان هەیە و ئەو ناوەندەکە پاک دەکاتەوە لەگەڵ فێرخوازەکان، داوای کارگوزارمان کردوە بۆمان دابین بکرێت، بەڵام بەهۆی نەبونی دامەزراندن تا ئێستا ماوەتەوە".

مامۆستایەک باس لەوە دەکات نەبونی کارگوزاری پێویست لە ناوەندەکان هۆکارە بۆ ئەوەی ژینگەی ناوەندەکان لە روی پاک و خاوێنیەوە وەک پێویست نەبێت.

بانە ئەحمەد سەمین، مامۆستا لە قوتابخانەی (سروشت)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری ئاماژەی بەوەکرد: "بەهۆی بە نەبونی کارگوزارەوە ژینگەی ناوەندەکان وەک پێویست نین، ئێمە (2) دەوامین و (1) کارگوزارمان هەیە کە داوامێکیان (600) قوتابی تیایە".

بەرپرسانی پەروەردە باس لەوە دەکەن بەهۆی نەبونی کارگوزرای پێویست لە ناوەندەکان ناچار مامۆستایان و فێرخوازان ناوەندەکان خاوێن دەکەنەوە وەک هاوکارییەک بۆ کارگوزارەکان.

عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، وتی: "بەهۆی نەبونی کارگوزاری پێویست لە ناوەندەکان، پاکردنەوەی بەشێکی زۆری کەوتوەتەوە ئەستۆی مامۆستایان و فێرخوازان بۆ ئەوەی ژینگەی ناوەندەکەیان پاک رابگرن".

بە هەمان شێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردی کفری دەڵێت: "بە هۆی کەمی کارگوزارەوە لە ناوەندەکان بەشێکیان لەگەڵ مامۆستایان و فێرخوازان پاک دەکرێنەوە، بۆیە پێویستە کارگوزاری پێویست دابین بکرێت".

## 4. "ناوەندەکان هەرکاتێک پیس بێت دەشۆردرێت"

مامۆستایان و بەڕێوبەران باس لەوەدەکەن شۆردنی ناوەندەکان بە پێی پێویستیە و هەرکاتێک پیس بێت دەشۆردرێت، بۆیە دیاریکراو نیە لە ساڵی خوێندن چەندجار دەشۆردرێت.

زانا نەجیب، بەڕێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "شۆردنی ناوەندەکەمان بە پێی پێویستیە و بە جۆرێک سەرەتای دەوام شۆردنی گشتی بۆ دەکەین وە هەر جارێکیش پیس بێت دیسان دەیشۆین، بۆیە دیاری کراو نیە".

بە هەمان شێوە، ژیان محەمەد، مامۆستا لە قوتابخانەی (پێشکەوتن)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "ناوەندەکان بە بەردەوامی پاک دەکرێتەوە، بەڵام وەک شۆردنی سەرەکی لە چەند مانگێک جارێکدا دەشۆردرێت هەمو بیناکە".

## 5. بەشێکی قوتابخانەکان باخچە و سەوزایی نیە

تائێستا لە بەشێکی ناوەندەکان باخچە و سەوزایی نیە و لە بەشێکی دیکەی ناوەندەکانیش مامۆستایان کاری باخەوانی ناوەندەکە دەکەن.

زانا نەجیب، بەڕێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار دەڵێت: "ناوەندەکەی ئێمە نە باخچەی هەیە نە باخەوان، ئەوەی هەیە تەنها چەند دارێکە و بە دەوری ناوەندەکەمان ناشتومانە".

بەشێک لە ناوەندەکانی مامۆستایان و فێرخوازان گرنگی بە باخچەکان دەدەن.

دانا عوسمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور وتی: "ناوەندەکەمان باخچەی هەیە، بەڵام وەک پێویست نیە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە یەک کارگوزارمان هەیە و ناتوانێت پێی رابگات، ئەگەرچی مامۆستایان و فێرخوازانیش رۆڵی باشیان هەبوە لە خزمەت کردنی باخچەکە".

وتیشی: پێشتر ناوەندەکەمان باخچە و داری تێدا نەبو، فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان ساڵی پار بە (30) نەمام هاوکاری ناوەندەکان بون، ئەمەش سیمایەکی جوانی بەخشیوەتە ژینگەی ناوەندەکە.

"بۆ چاودێری کردنی زیاتری ژینگەی ناوەندەکەمان گروپێکمان هەیە کە لەژێر سەرپەرشتی تایبەتی ئیدارە و لیژنەی ژینگەدایە بەناوی دۆستی ژینگە، لە کۆمەڵە خوێندکارێک پێکهاتوە کە بە بەردەوامی چاودێری پاکڕاگرتنی ژینگە وخوێندنگا دەکەن". ئەژین مەحمود، مامۆستا لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری وادەڵێت.

دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، باس لە رێژەی سەوزای ناوەندەکان دەکات و دەڵێت: "لە هەڵمەتێکماندا نەمامان داوە بە ناوەندەکانی خوێندن و هانمان داون کە پەرە بە رێژەی سەوزای بدەن لە ناوەندەکان، بۆیە ئێمە لایەنی جێبەجێکار نین ئەوەی هەیە رێنمای دەدەین و هاوڵاتیان هان دەدەین کە گرنگی بە رێژەی سەوزایی بدەن بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن".

بەرپرسانی پەروەردە هۆکاری کەمی سەوزای لە باخچەی ناوەندەکان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە باخەوانی پێویست لە ناوەندەکان نیە بۆ ئەوەی پەرەی پێبدرێت، پێویستە دامەزراندن بکرێتەوە لەو بوارەدا.

عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار باس لەوە دەکات: "لە بەشێک لە ناوەندەکان گرفتی باخچەمان هەیە کە ئەویش کەسێکی پێویستە خزمەتی بکات ئەگەرچی مامۆستایان و کارگوزارەکان و فێرخوازان ئاگایان لێیە، لەگەڵ ئەوەش بەرپرسانی باخچەکان لە شارەوانی و ژینگە و دارستان و پاوەن لە هەڵمەتەکانیان نەمامیان بۆ دابین کردوین، بەڵام وەک پێویست نیە".

گرفتی نەبونی باخەوان لە قوتابخانەکانی کفریش هاوشێوەی کەلارە و ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردی کفری دەڵێت: "لە ناوەندەکانی خوێندن باخەوان نیە کە بە بەردەوامی خزمەتی باخچەکان بکات ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی کە بەو شێوەیە بێت، چونکە خۆیان بە باشی ئاگایان لێی دەبێت".

بەپێی ئەو بەدواداچونانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن کراوە و سەردانی بەشێک لە ناوەندەکان کراون ڕێژەی سەوزایی پێویست لە ناوەندەکان نیە و گرنگی پێنەدراوە.



**دیمەنی باخچە و سەوزایی دو قوتابخانە لە کەلار**

### 6. ئاوی خواردنەوەی ناوەندەکان تا چەند گونجاوە بۆ خواردنەوە؟

بەشێکی ناوەندەکانی خوێندن بەڕاد و فلتەری تایبەت بە ئاوخواردنەوەی نیە، ئەوەشی کە هەیە وەک پێویست پەرداخی لێنیە یاخود ئەو ئاوەی بۆی دابین دەکرێت شیاوی خواردنەوە نیە.

کەمال سەلاحەدین، مامۆستا لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەڵێت: "ناوەندکان لە روی پێداویستیەوە لە بارنین وەک پێویست نین بەتایبەت لە روی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە".

کەماڵ، دەشڵێت: هەندێک ناوەند ئامێری فلتەرییان داناوە بۆ خۆیان، بەڵام وەکو قوتابی لە بەڕادەکان ئاو دەخۆنەوە کە ئەویش لە تانکیەکانی سەربانەوە دێت ئەمەش لەبار و گونجاو نیە یان پەرداخی سەفەری نیە بەدەگمەن نەبێت.

بە پێچەوانەوە، نەسرین محەمەد، مامۆستا لە قوتابخانەی (سیروان)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وتی: "سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی فێرخوازان پاکە و بەڕادی تایبەت بە فێرخوازانمان هەیە و پەرداخی سەفەریمان بۆ داناون".

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات ئەو بەڕادانەی کە لە ناوەندەکان هەیە بەس نیە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی فێرخوازان.

هێرش محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهیدانی رزگاریی) بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری ئاماژە بەوەدەکات: "سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ناوەندەکەی ئێمە بیری ئیرتوازییە و لە بۆرییەوە فێرخوازان ئاو دەخۆنەوە، شتێک نیە بەناوی کارپێکردنی بەڕاد لە ناوەندەکان، چونکە دو بەڕاد بەس نیە بۆ (500) فێرخواز و هیچ پەرداخێکی سەفەری تایبەت بە فێرخوازانمان نیە و پێیانمان وتوە کە پەرداخ لەگەڵ خۆیان بهێنن".

بەڕێوبەری پەروەردەی کەلارلە بارەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی قوتابخانەکانەوە باس لەوە دەکات: سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە وەک پێویست نین، چونکە بەشێک لە ناوەندەکان سەرچاوەی ئاویان لەگەڵ ماڵاندایە.

عەدالەت لەتیف، وتیشی: ئەو بەڕادانەی کە لە ناوەندەکان هەن وەک پێویست نین لەبەر ئەوەی فێرخوازی زۆر لە ناوەندەکان هەیە و بەش ناکات، لەڕوی تەندروستیەوە گونجاو نیە کە چەند پەرداخێک هەبێت.

"بە بەردەوامی بەدواداچونمان هەیە بۆ ناوەندەکان لە بارەی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە، هەر کەسێک هاتبێتە لامان و سکاڵای هەبوبێت بە دواداچونمان کردوە و چەندین شوێنیشمان خاوێن کردوەتەوە". ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردی کفری وادەڵێت.

پێچەوانەی وتەی مامۆستایان و بەڕێوبەران کە زۆر باسی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی فێرخوازانیان کردو، بە تایبەت ئەو بەڕادانەی کە هەن لەگەڵ ئەو بۆریانەی کە بۆیان دابین کراوە، لەگەڵ هەمو ئەمانە سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی ناوەندەکان تەندروست نین.



**دیمەنی ساردکەرەوەی ئاوی خواردنەوە و دەستشۆردنی فێرخوازانی دو قوتابخانە لە کەلار**

## 7. تانکی قوتابخانەکان کەی پاک دەکرێتەوە؟

ئەگەرچی باس لەوە دەکرێتە سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە گونجاو نیە بۆ خواردنەوە، لەگەڵ ئەوەش گرنگی کەم دەدرێت بە شۆردنی تانکیەکانی ناوەندەکانی خوێندن.

هێرش محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهیدانی رزگاریی) بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری ئاماژە بەوە دەکات: " لە ماوەی ساڵی خوێندن 2 جار تانکیەکان خاوێن دەکەینەوە".

"ئێمە لە ماوەی ساڵی خوێندن (1) جار تانکی ناوەندەکەمان شۆردوە، بۆ دەوامەکەی دیکە نازانم"، ئەمە وتەی شڤان عەدنان، مامۆستا لە ئامادەیی (شەهید بورهان حەمەی مینا) لە قەزای کەلارە.

بەڕێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان ئەوەدەخاتەڕو کە ساڵانە سەردانی ناوەندەکان دەکەن بۆ شۆردن و پاک کردنەوەی تانکیەکان کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیە ئەگەرچی وەک پێویست فریا ناکەون.

کامەران محەمەد ساڵح، بەڕێوبەری خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان دەڵێت: "ئێمە ساڵانە سەردانی ناوەندەکان دەکەین بۆ شۆردن و تەعقیم کردنی تانکیەکانی ناوەندەکان بە دەرمانی تایبەت، لەگەڵ ئەوەش فریای هەمو ناوەندەکان ناکەوین و پێویستە بەڕێوبەری ناوەندەکان هاوکارمان بن".

وتیشی: ساڵی رابردوش پێداویستی کلۆرمان بۆ دابین کردون کە بەکاری بهێنن بۆ ئاوی تانکیەکان، بۆ ئەمساڵیش پلانی ئەوەمان هەیە لە گەڵ پەروەردە دابنیشین بۆ شۆردنی تەواوی تانکیەکان.

لە بەرامبەریشدا، دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان وتی: "لە سەرەتای هەمو ساڵێک تانکیەکانی ناوەندەکان پاک دەکرێنەوە و پاکژ دەکرێن وەک پێویست".

## 8. مامۆستایان چاودێری فرۆشگای ناوەندەکان دەکەن

لە ناوەندەکانی خوێندن گرنگی تەواو بە فرۆشگاکان دەدرێت و چاودێری دەکرێن، بەڵام ئەم چاودێری کردنە لە لایەن لیژنەی تەندروستیەوە نیە، بەڵکو مامۆستایان ئەو کارە دەکەن.

زانا نەجیب، بەڕێوبەری ئامادەیی (باکور) لە قەزای کەلار ئەوەدەخاتەڕو: "لیژنەی چاودێری تایبەت بە فرۆشگای ناوەندەکەمان هەیە لە دو مامۆستا پێکهاتوە، هەفتانە سەردانی فرۆشگاکە دەکەن و پشکنینی خواردنەکانی دەکەن،

لەگەڵ ئەوەش خۆم ڕۆژانە لە خوێندکاران دەپرسم سەبارەت بە باشی و خراپی فرۆشگاکەو ئەو شتومەکانەی کە هەن لەوێ".

گەڕان و پشکنینی مامۆستایان بە تەنها دڵنیایی تەواو نادات لە گونجاوی و پاکوخاوێنی خواردنەکان، پێویستی بە سەردانی لیژنەی تەندروستی هەیە.

ئەژین مەحمود، مامۆستا لە ئامادەیی (زرنگ) لە ناحیەی رزگاری دەڵێت: ئێمە لیژنەی تایبەت بە فرۆشگاکەمان هەیە کە مانگانە سەردانی دەکەن و پشکنین بۆ ئەو خواردنانە دەکەن کە تێیدایە، سەرباری ئەوەی کە فێرخوازانمان ڕاسپاردوە لە بونی هەرشتێک ئاگادارمان بکەنەوە، پێویستە پەروەردە لە ماوەی ساڵی خوێندن چەند جارێک سەردانی فرۆشگاکان بکات، پێویستیشە لە کاتێک بەکرێ دەدرێن پێیان بوترێت کە چی قەدەغەیە و نەیهێنن.

"لە ناوەندەکانی خوێندن لیژنەی تایبەت بە فرۆشگاکان هەیە و لە پەروەردەش هەیە کە بە بەردەوامی ئاگایان لەو خواردنانەیە کە هەیە لە ناوەندەکان"، عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار وای وت.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیانیش دەڵێت: لە هەمو ناوەندەکان لیژنەی بەدواداچونمان هەیە  و لە بونی هەر حاڵەتێک بە ڕاپۆرت ئاراستەی ئێمەی دەکەن.

جگە لە لیژنەکانی پەروەردە لیژنەکانی قائیمقامیەت باس لەوە دەکەن بە بەردەوامی سەردانی ناوەندەکانی خوێندن دەکەن لە بارەی پشکنینی ئەو خواردنانەی کە هەن وە چەندین ناوەندیان سزا داوە.

سیروان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی باڵای لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی قەزای کەلار باس لەوە دەکات: "مانگانە سەردانی ناوەندەکان دەکەین وەک هەر جێگەیەکی تر، بەدواداچونیان بۆ دەکەین لە ڕوی تەندروستی و مۆڵەت و پاکڕاگرتنی شوێنەکە و ئەو خواردنانەی کە لەوێ بونیان هەیە، بەو هۆیەشەوە چەندن فرۆشگامان سزای جۆرا و جۆرمان سەپاندوە بە سەریاندا کە لە ڕێنماییەکان دەرچون".

وتیشی: بۆ ئەمساڵی خوێندن پلانی ئەوەمان هەیە سەردانەکانمان زیاتر بکەین.

ئەگەرچی تاوەکو ئێستا فرۆشگاکانی ناوەندەکان نەخراوەتەوە زیادبڕکێی (موزایدە) ئاشکراوە، بەڵام بەشێک لە ناوەندەکان بە کاتی فرۆشگاکانیان کردوەتەوە، بە پێی ئەو سەردانانەی کە یەکەی چاودێری ئەنجامی داوە ئەو فرۆشگایانە تەندروست نین لە ڕوی پاکوخاوێنیەوە.





**دیمەنی فرۆشگای یەکێک لە قوتابخانەکانی کەلار**

## 9. 8%ی پارەی فرۆشگاکان بۆ ژینگەی ناوەندەکانە

لەو پارەیەی کە لە فرۆشگاکانەوە بۆ ناوەندەکان تەرخان دەکرێت، بەشی ژینگەی ناوەندەکە و باخچەکانی لێ جیاکراوەتەوە، بەڵام نە ژینگە و نە باخچەکانی ناوەندەکان وەک پێویست نین.

دانا عوسمان، بەڕێوبەری قوتابخانەی (زانیار)ی بنەڕەتی لە ناحیەی باوەنور دەڵێت: "بەپێی رێنماییەکانی پەروەردە ئەو برە پارەیەی کە لە فرۆشگاکانەوە بۆ ناوەندەکە تەرخان دەکرێت 8%ی بۆ ژینگەی ناوەندەکە و باخچەکانە".

هاوشێوەی هاوتاکەی، یاسین عەلی محەمەد، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهید ملازم عومەر)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار جەخت لە بونی ئەو برەیە پارەیە دەکاتەوە و وتی: "ئەو برە پارەیەی کە بۆ ناوەندەکان تەرخان دەکرێت لەو پارەیەی کە لە فرۆشگاکان دابین دەکرێت 8%ی بۆ باخچەکان و ژینگەی ئەو ناوەندەیە".

شارەزایەکی بواری پەروەردە باس لەوە دەکات گونجاوی ژینگە کاریگەری تەواوی دەبێت لە سەر پرۆسەی فێربون بۆیە ناکرێت گرنگی پێنەدرێت.

عەباس فەیسەڵ سالار، دەڵێت: قوتابی رۆژانە کاتێکی زۆر لە قوتابخانە بەسەردەبات دەکرێت ژینگەیەکی گونجاوی بۆ بڕەخسێت، چونکە قوتابی سەرچاوەی فێربوونە و ناکرێت لە ژینگەیەکی نادروستدا هەوڵی فێربونی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت.

## 10. "پێداویستیمان نیە بۆ ششتنی سەرئاوەکان"

نەبونی پێداویستی تایبەت بە سەرئاوەکان (تەوالێت WC) گرفتێکی ترە و بەشێکیان خاوێن ناکرێنەوە و لە روی تەندروستیەوە شیاو نین.

بانە ئەحمەد، مامۆستا لە قوتابخانەی (سروشت)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری ئاماژەی بەوەکرد: "پێداویستیەکان کەمن و لە تەوالێتەکان وەک پێویست نیە و ناشتوانن پارێزگاری لەو پێداویستیانە بکەن کە دادەنرێت بۆ ششتنی دەست، لەگەڵ ئەوەش پێداویستیمان نیە بۆ ششتنی تەوالێتەکان و لە پەروەردەشەوە شتێکی وامان بۆ نەهاتوە".

بە پێچەوانەی ئەو مامۆستایەوە بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەهید ملازم عومەر)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "ناوەندەکەمان کارگوزارێکی هەیە ئەگەرچی کەمە، بەڵام هەمو رۆژ تەوالێتەکان خاوێن دەکەینەوە و دەیشۆین ناوەندەکەشمان دو دەوامیە".

یاسین عەلی محەمەد، دەشڵێت: لە تەوالێتەکان سابونمان داناوە و پێداویستی خۆی هەیە، هەروەها بە کارگوزارەکەشم وتوە کە پاکردنەوەی ناوەندەکە بە گشتی و تەوالێتەکان بە تایبەتی لە پێش هەمو شتێکەوەیە.

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات هۆکاری پیسبونی تەوالێتەکان خودی فێرخوازان خۆیانن کە هۆشیارییان کەمە لە روی ژینگەییەوە.

نەجیب عومەر، بەڕێوبەری ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: "سێ کارگوزارمان هەیە ساڵی پار نزیکەی 500 خوێندکارمان هەبو، هەمو رۆژێک بەیانیان بە شامپۆ تەوالێتەکان پاک کراونەتەوە و پێداویستی شامپۆ و سابونی دەست شۆردنی لێبوە گرنگی زۆرمان داوە بە تەوالێتەکان بۆ پاک کردنەوە".

وتیشی: (4) تەوالێتمان هەیە بۆ هەردو رەگەزی فێرخوازان، بەڵام تاوەکو ئێستا کلێنسمان دانەناوە".

ئەو پێداویستیانەی کە بۆ ناوەندەکان پێویستن لەلایەن بەرێوبەرایەتیەکانی پەروەردەوە دابین ناکرێت.

"ئێمە 2 کارگوزارمان هەیە و وەک پێویست کاری خۆیان دەکەن لە ناوەندەکە بەتایبەت پاکردنەوەی تەوالێتەکان، ئێمە (64) تەوالێتمان هەیە بەڵام (12)ی بەکارئەهێنین، هەمو رۆژ پاکیان دەکەنەوە، ئەگەرچی وەک پێویست نیە و دیتۆڵ و مادەی پاک کەرەوە کەم بەکاردەهێنرێت". ئەمە وتەی هێرش جەبار کەریم، بەڕێوبەری قوتابخانەی (شەنگال)ی بنەڕەتیە لە قەزای کفری.

لە بەرامبەر خراپی ژینگەی بەشێک لە قوتابخانەکان، بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: ئێمە بەرپرس نین لە کرینی پێداویستی ژینگەی ناوەندەکان، چونکە لە پارەی فرۆشگاکان پارەیان بۆ دابین دەکرێت و هەر ناوەندە دەتوانێت خۆی بیکڕێت.

دارا ئەحمەد سەمین، وتی: "ئێمە پێداویستی بۆ ناوەندەکان دابین ناکەین، بەتایبەت لە روی ژینگەییەوە، چونکە بڕە پارەی پێویستی بۆ دابین دەکرێت لەو پارەیەی کە لە فرۆشگاکانەوە دەست دەکەوێت".

بەشێک لە مامۆستایان و بەڕێوبەران باس لە شتنی تەوالێتەکانی ناوەندەکان دەکەن بە بەردەوامی، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت بە پێچەوانەوەیە و خاوێن و تەندروست نین.



**دیمەنی تەوالێت و دەستشۆری دو قوتابخانەی کەلار**

## 11. ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن لە لادێکان

ناوەندەکانی خوێندن لە لادێکان لە روی ژینگەییەوە وەکپێویست نین، مامۆستایان وەک خۆیان دەڵێن بەرپرسانی پەروەردە ئاوریان لە ناوەندەکانی لادێیەکان نەداوەتەوە لە روی ژینگەییەوە.

کاروان نەسرەدین، مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاوەزە)ی بنەڕەتی لە ناحیەی سەرقەڵای لە قەزای کفری باس لەوە دەکات: "ژینگەی ناوەندەکە ئێمە مامناوەندە بە گشتی چ لە روی پاکوخاوێنی ناوەندەکە چ لە روی تەوالێتەکانەوە هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە یەک کارگوزارمان هەیە، بەڵام ئێمە بەڕادی ئاو و فلتەری ئاویشمان هەیە و لە لادێیەکەوە ئاومان بۆ دابینکراوە، بەڵام فرۆشگامان (حانوت) نیە، لە لادێیەکە دوکانی لێیە و فێرخوازان لەوێ شت دەکڕن و ئەیهێنن لەگەڵ خۆیان، هەروەها چەند دارێکمان هەبو ئەوەشیان بڕیەوە بەبێ هۆکار".

وتیشی: پێداویستی شۆشتنی تەوالێتەکانمان وەک پێویست نیە ئەگەرچی ئەوە لە دەستی خۆمانە کە چەن بکڕین، لەبەر ئەوە پارەمان بۆ دابین کراوە لەلایەن پەروەردەوە.

بەشێک لە مامۆستایانی گوندەکان هەوڵی باشترکردنی ژینگەی ناوەندەکانیان دەدەن لە روی ژینگەییەوە بە تایبەت لەروی باخچەکانەوە، بەهۆی نەبونی کارگوزار و باخەوان بەشێک لە ماندوبونەکانیان بە هەدەر دەچێت.

سەیوان مەحمود، مامۆستا لە ئامادەیی (هەواسان) لە ناحیەی مەیدان دەڵێت: "پاکوخاوێنی ناوەندەکان لەناوەندێکەوە بۆ ناوەندێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی کارگوزار لەو ناوەندە، هەروەها ئیدارەدانێکی باشی خاوێنی لەلایەن ستافی مامۆستایان وخوێندکاران لەناوەندەکە".

وتیشی: تەوالێتەکان لەزۆربەی قوتابخانەکاندا خراپن، چەند جارێک بەڵێنیش دراوە چاک بکرێت، بەڵام بەرپرسانی پەروەردە تەنها ئەوکاتەی سەردان دەکەن وبەڵێنی بێ کردار زۆر ئەدەن بەتایبەتی ناوەندەکەی ئێمە کە دو جار بەڵێنی چاک کردنیان داوە و هیچی بۆ نەکراوە، لەگەڵ ئەوەش ناوەندەکەمان بەهۆی نەبونی کارگوزار و باخەوان ئەو دارانەی کە چاندمان و مامۆستایان خۆمان بردمان زیاتر لە 20 داری وشک بوەتەوە.

بەڕێوبەری قوتابخانەی (بەرلوت)ی بنەڕەتی سەر بە قەزای کەلار باس لەوە دەکات 2 کارگوزاریان هەیە، لە روی پاکو خاوێنەوە و شۆردنی ناوەندەکەش هەفتەی جارێک پاک دەکرێتەوە و مانگی جارێکیش بە گشتی هەموی ئەشۆردرێت.

جوان حەمە نەجیب، دەشڵێت: بە بەردەوامی تەوالێتەکان پاک ئەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەمان بیرە، بەڵام تاوەکو ئێستا لیژنەی تەندروستی نەهاتوە بۆ تەعقیم کردنی تانکیەکان، تەنها خۆمان دەیشۆین و پێداویستی پاکردنەوەیان بۆ هێناوین.

وتیشی: باخچەمان هەیە و بە بەردەوامی لەگەڵ کارگوزارەکان و خۆم و مامۆستایان خزمەتی دەکەین.

## 12. سیستەمێکی بەریتانی بۆ چاودێریکردنی ناوەندەکان جێبەجێ دەکرێت

سەرپەرشتیارێک باس لەوە دەکات سیستەمێکی نوێ لە ناوەندەکان جێبەجێدەکرێت کە بۆ ماوەی دو ساڵە لە ژێر تاقیکردنەوەدایە و هەڵسەنگاندن بۆ تەواوی ناوەندەکە دەکرێت بە تایبەت لە روی ژینگەییەوە، خولی تایبەت بەو سیستەمە بۆ بەشێک لە سەرپەرشتیارەکان کراوەتەوە.

عەلی حاتەم، سەرپەرشتیاری پسپۆری (بیرکاریی) لە پەردوەردەی کەلار، باس لەوەدەکات: لە ئێستادا سیستەمی (بریدچ کاونسڵ) کە سیستەمێکی بەریتانیە و بۆ ماوەی دو ساڵە لە ژێر تێست دایە لە بەشێک لە ناوەندەکان، ئەمساڵ لە هەمو ناوەندەکان دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە لایەن (3) سەرپەرشتیارەوە هەڵسەنگاندن بۆ ناوەندەکان دەکەن لە هەمو روییەکەوە بەتایبەت لە روی ژینگەییەوە".

ئەم سیستەمە بریتیە لە چاودێری کردنی وردی قوتابخانەکان بە پێی ئەو سیستەمە، بە تایبەت لە روی ژینگەیی و پاکوخاوێنیەوە.

عەلی حاتەم، وتیشی: سەرباری ئەوەی کە بە بەردەوامی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی بابەتەکانی تریش سەردانی ناوەندەکان دەکەن لە بونی هەر گرفتێک بە راپۆرت ئاراستەی پەروەردەی دەکەن.

## بەشی سێیەم: راسپاردەکان

1. بەگشتی لە ئەنجامی ئەم راپۆرتەدا بەو دەرەنجامە دەگەین کە ژینگەی قوتابخانەکان لە هەرسێ روی: ئاو، سەوزایی و پاکوخاوێنییەوە، وەکپێویست گرنگییان پێنەدراوە، بەڵکو هەندێک لەوانە بە کاری لاوەکی تەماشا کراون.

2. ناوەندەکان کێشەیەکی گەورەی سەوزاییان هەیە، زۆرینەی قوتابخانەکان باخچەکانیان یان نین یان خراپ و کوالێتی نزمن، بۆ ئەمەش چەند پێشنیازێک دەکەین:

- سالانە پلانێک هەبێت بۆ چاندنی نەمام لە ناوەندەکان، بەشێوەیەک بزانرێت لەم ساڵەدا چەند نەمام دەچێنن و چۆنی پەروەردە دەکەن و کێ بەوکارە هەستێت، هەروەک بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخانبکرێت لە داهاتی قوتابخانەکە، یان لەرێگەی کۆمەک و بەخشینی کەسانی بەخشەرەوە.
- دابینکردنی نەمام کارێکی ئاسانە و حکومەت لەرێگەی فەرمانگەکانی شارەوانی و دارستان و پاوانەوە نەمام دەکرێت یان بەرهەم دەهێنێت و بێبەرامبەر یان بە پارەیەکی رەمزی دەیبەخشێت، دەتوانرێت سود لەو دەزگایانە وەربگیرێت و سالانە نەمامیان لێوەربگیرێت و بچێنرێت.
- دەتوانرێت خودی فێرخوازان بۆچاندنی نەمام و پارێزگاریکردنی بەکاربهێنرێن، بەشێوەیەک باخچەکان بەسەر پۆل و قۆناغەکان دا دابەش بکرێن و فێرخوازان لەژێر سەرپەرشتی مامۆستایان دا راسپێردرێن بە خزمەتکردنیان.
- دەتوانرێت بەشێک لە بودجەی قوتابخانەکان بۆ سەوزکردن تەرخان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پلانی پێویست دابنرێت.

3. لەروی ئاوەوە، ناوەندەکان کێشەیەکی زۆریان هەیە، بەتایبەتی ئاوی خواردنەوە کە یەکێکە لە پێداویستیە ژیانیەکان، بۆ ئەمەش دەبێت قوتابخانەکان پلانی پێویستیان هەبێت و ناکرێت ناوەندەکانی خوێندن بەبێ ئاو بن.

رەنگە باشترین و تەندروستترین چارەسەریش، دانانی شوێنی ئاوخواردنەوە "بەڕاد" بێت لەگەڵ دانانی پەرداخی "سەفەری" کە یەکجار بەکاردێت و دواتر فرێدەدرێت، بۆ ئەمەش دەتوانرێت لە بودجەی قوتابخانەکە بەتایبەتی داهاتی فرۆشگاکان سود ببینرێت، یاخود فێرخوازەکان خۆیان جام و گلاسی تایبەت بەخۆیان بێنن.

4. لە روی پاکوخاوێنیەوە، قوتابخانەکان کێشەی بنەڕەتیان هەیە، بەشێوەیەک زۆرینەی قوتابخانەکان کێشەیان لەو روەوە هەیە، بۆ ئەمەش دەبێت پلانی تایبەت هەبێت لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەکە، چ بە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند بۆ بەدواداچونی کەموکورتیەکانی ئەم بوارە، چ بۆ دانانی پلانی پێویست بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنیان و چ بە پێکهێنانی لیژنەی چاودێریی و بەدواداچون بۆ هەڵمەت و پرۆسەکانی پاککردنەوە. لەمەشدا دەتوانرێت فێرخوازان بەشدارییان پێبکرێت و بکرێن بە بەشێک لە پرۆسەکانی پاککردنەوە و پاکوخاوێنی.

5. سەرئاو و دەستشۆری قوتابخانەکان لە رەوشێکی زۆر زۆر خراپدان، بەشێوەیەک هیچ بنەمایەکی تەندروستیان تێدا نیە، ئەگەرچی ناشارێتەوە کە فێرخازەکان هۆکاری سەرەکین، بەڵام ئیدارەی قوتابخانەکان دەتوانن لە رێگەی دانانی لیژنەی تایبەتمەندی پشکنین و چاودێریەوە، رێ لەو حاڵەتە بگرن و هەروەک جەختیش لەسەر پاککردنەوەیان بکرێت.

6. پێویستە پێداویستی تایبەت بە پاکردنەوە، وەک دیتۆڵ و شامپۆی پێویست بۆ ناوەندەکان تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بشۆردرێن و تەعقیم بکرێت، بەتایبەت تەوالێتەکان.

7. دابینکردنی کارگوزار و باخەوانی پێویست بۆ ناوەندەکان خاڵی سەرەکی پەرەدانە بە ژینگەی ناوەندەکان، پێویستە پەروەردە هەوڵی جدی بدات بۆ دانانی کارگوزار و باخەوان، چونکە بەوشێوەیە بەردەوام بێت ژینگەی ناوەندەکان خراپتر دەبێت. یاخود دەتوانرێت باخەوان بە گرێبەست یان بە کرێی رۆژانە دابین بکرێن لەسەر داهاتی قوتابخانە و پەروەردە، یاخود سود لە رێکخراوە خۆبەخشەکانی بواری ژینگە وەربگیرێت.

8. تانکیەکانی ئاوی قوتابخانەکان پێویستە چاودێریی جیدیی بکرێن و ساڵانە پاکبکرێنەوە، هەروەک بەرپرسانی پەروەردە پێویستە هەماهەنگیان لەگەڵ خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان هەبێت بۆ ئەوەی ئەو تانکیانەی کە لە ناوەندەکانە و سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی فێرخوازانە بشۆردرێن و تەعقیم بکرێت.

9. چاودێری کردنی بەردەوامی فرۆشگاکان لە لایەن بەرپرسانی پەروەردە و لە لایەن لیژنەکانی قائیمقامیەتی قەزاکانەوە خاڵێکی گرنگە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی هەر خواردنێکی نەشیاو، لەگەڵ پاک راگرتنی فرۆشگاکان لە روی تەندروستیەوە.

10. لە لادێیەکان گرنگی بە ناوەندەکانی خوێندن وەک پێویست نادرێت لە روی ژینگەییەوە بەگشتی، پێویستە بەرپرسانی پەروەردە قوتابخانەی لادێیەکان پشتگوێ نەخەن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 - 07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org